# له ئاهەنگەكانی یەكی ئایاردا




دوابەدوای مەراسیمی  شكۆداری یەكی ئایار جەژنی جیهانی چینی كرێكار لەلایەن ڕێكخراوی كەركوكی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقەوە ئەنجام درا، بە ئامادەبوونی هاوڕێ ڕەمەزان سابیر بەرپرسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق لەشاری كەركوك هەر بەم بۆنەیەوە هەمان ڕێكخراو هەستا بەسازدانی مەراسیمێك لە گەڕەكی هاوپشتی ( ئەسراو مەفقودین )ی پێشوو لە 2005/5/6 مەراسیمەكە سەعات پێنج ونیوی پاش نیوەڕۆ  دەستی پێ كرد سەرەتا بەدەقیقەیەك وەستان بۆگیان بەختكردوانی ڕێگای سۆشیالیزم دەستی پێكرد  پاشان سروودی ئەنتەرناسیونال پێشكەش كرا ، دوای ئەوە وتەیەك بەم بۆنەیەوە لەلایەن محەمەد عەزیز ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقەوە پێشكەش كرا دواتر  لەلایەن زێدان خەلەف كادری كۆنگرەی ئازادیعێراقەوە وتەیەك لەسەر وەزعی سیاسی ئەمڕۆی عێراق پێشكەش كرا ، دوایین بڕگەی مەراسیمەكە بریتی بوو لەكۆمەڵێك گۆرانیو هەڵپەڕكێی كوردی وعەرەبیو توركمانی ، هەروەها هاوڕێ هەیسەم عەلی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حزب و هاوڕێیان جاسم حەسەن كامل وجاسم محەمەد ئامادەی ئاهەنگەكە بوون، شایانی باسە جەماوەرێكی بەرفراوان لەخەڵكی گەڕەك ئامادەی مەراسیمەكە بوون .

ڕەمەزان سابیر

بەرپرسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق لەكەركوك

2005/5/6

 